سودانی جەخت لە گرنگیی تەواوکردنی پڕۆژەکانی وەزارەتی نەوت و غاز کردەوە

ئەمڕۆ یەکشەممە"محەممەد شیاع سودانی" سەرۆک وەزیران، جەختی لە گرنگیی تەواو کردنی هەردوو پڕۆژەکانی نەوت و غاز لەگەڵ پێداویستییەکانی کارکردن لە ڕێگای گەشەپێداندا کردەوە، بەجۆرێک کە پێکدادان نەبێت لە پرۆژەکان کە کاریگەری لەسەر بەڕێوەچوونی جێبەجێکردنی کارەکان هەبێت.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە : "محەممەد شیاع سودانی" «سەرۆک وەزیران، سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی تایبەتی کرد سەبارەت بە پڕۆژەکانی سیستمی عەمبارکردن و هەناردەکردنی نەوت.

وەک لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: لە میانی کۆبوونەوەکەدا، گفتوگۆ لەبارەی بەڕێوەچوونی جێبەجێکردنی کارەکان کرا لە پڕۆژەکانی کۆگاکردن و هەناردەکردنی نەوتدا، و پێداچوونەوە بە کارە لەپێشینەکانی تایبەت بەوان، بەتایبەتی پلانەکانی حکومەت کە پەیوەستن بە هەمەجۆرکردنی هەناردەکردن و نەرمی لە پڕۆسەکانی گواستنەوەی نەوت لەنێوان دەروازە جیاوازەکاندا

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە : سەرۆک وەزیران جەختی لە گرنگیی ئەوە کردەوە کە پڕۆژەکانی وەزارەتی نەوت لە کەرتەکانی نەوت و غازدا لەگەڵ پێداویستییەکانی کارکردن لە ڕێگای گەشەپێداندا تەواوکاری یەکتر بن، و پێویستیی ئەوەی کە پێکدادان و تێکگیربوون نەبێت بەشێوەیەک کە کاریگەری لەسەر

بەڕێوەچوونی جێبەجێکردنی کارەکان هەبێت.